# ڕۆشنبیری ئیبن تەیمیە وڕێبازی لە لێکۆڵینەوەدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

## موحەممەد ڕەشاد سالم

**وەرگێڕانی:** نیهاد جەلال حبیب الله

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# ثقافة ابن تيمية ومنهجه في البحث

« باللغة الكردية »

محمد رشاد سالم

ترجمة: نهاد جلال حبيب الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# رۆشنبیری ئیبن تەیمیە وڕێبازی لە لێکۆڵینەوەدا

مێژوو نوسان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ئیبن تەیمیە شارەزاییەکی بەرفراوانی لە زانستە شەرعی و عەقڵیەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان هەبووە. زەهەبی لەبارەیەوە دەڵێت: (لە زیرەکیدا هەڵدەگیرسا و زۆر گوێی لە فەرموودە دەگرت و زیاتر لە دووسەدە مامۆستای هەبوو و لە شارەزایی تەفسیردا گەیشتبووە ئەو پەڕ و لە لەبەرکردنی فەرموودە و پیاوانی فەرموودە گێڕەوە و ڕاستی فەرمودەدا کەسی پێ نەدەگەیشت، لە وەرگرتنی فیقهو مەزهەبەکانی هاوەڵان و شوێنکەوتوان (تابعین) دا وێڕای چوار مەزهەبەکەش هاوتای نەبوو، شارەزایشی لە دەستە و تاقمەکان و ئسوڵ و کەلام هەبوو و من هاو وێنەی ئەو بەدی ناکەم سەبارەت بە ژیاننامە و مێژووش بەڕاستی جێی سەرسوڕمان بوو، لەبارەی جیهاد و پێشڕەویشەوە لە سنوری وەسفدا نەمابوو. جا ئەگەر باسی تەفسیر بکرایە ئەو هەڵگری ئاڵاکەی بوو، ئەگەریش فەرمودەناسان ئامادەبوونایە ئەو دەدوا و ئەوان دەستەوسان دەوەستان و فەرمودەی دەگێڕایەوە و ئەوانیش ورتەیان نەدەکرد، ئیبن تەیمیە بێباك دەبوو ئەوانیش هیچیان بۆ نەدەمایەوە.

ئەگەر ناوی ئەهلی کەلام بهاتایە ئەو کەسی تاکیان بوو هەموویان دەگەڕانەوە بۆ لای ئەو، ئەگەر ئیبن سینا فەیلەسوفەکانی پێش بخستایە و بەرز رابگرتایە ئەو رسوای دەکردن و نهێنی و عەیبەکانیانی ئاشکرا دەکرد) . پێ دەچێ لەو دەربڕینانەی بەڕونی رۆشنبیری ئیبن تەیمیە و ئاستی شارەزابونی لە فەرمودەدا نیشان بدەن ووتەکەی زەهەبی بێت لەبارەیەوە: (فەرمودەیەك ئیبن تەیمیە نەیزانی بێت ئەوە فەرمووده نیە) . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئاگابونێکی بەرفراوانی لە فەرمودە و شارەزایی بە هەموو کتێبەکانی فەرمووده هەبووە. وەمڕۆ کتێبی (الرد علی المنطقیین)ی ئیبن تەیمیەمان لەبەر دەستدایە کە لەو جۆر و بوارەدا کتێبێکی نایابە-وەك پاش کەمێکی تر باسی دەکەین- ئەمە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر رۆشنبیری قوڵی مەنتیقی ئبن تەیمیە.

رۆشنبیری فەلسەفی ئیبن تەیمیەش تا ئاستێکی زۆر تائێستاش نادیارە چونکە گرنگترین ئەو کتێبانەی کە تیایدا رەخنە و بەرهەڵستکاری لە روی فەلسەفەدا نیشان داون دواتر بڵاو نەکراونەتەوە یان لەگەڵ ئەو کتێبانەیدا کە لەناوچون ئەوانیش فەوتاون.

لە گرنگترین ئەو کتێبانەش کتێبی (الصفدیە)یە کە لەلێکۆڵینەوەی دکتۆراکەمدا سودی زۆرم لێ وەرگرتووە و تا

ئاستێك لێكۆڵینەوەم لەسەر كردووە و پشت بەخوا دوو مانگی تر دەست دەكەم بە لەچاپدانی هەروەك دەاتر كتێبە گەورەكانیشی بڵاو نەكرانەوە وەك كتێبی (نقض تأسیس التقدیس)و پاشكۆی كتێبی (درء تعارض العقل والنقل) چونكە ئەوەی لەو كتێبە بڵاو كراوەتەوە چارەكێكی كتێبەكەیە یان یان بەزیاترین مەزندە سێ یەكی كتێبەكەیە. ئەوانەی ژیانیان نوسیوەتەوە باس لەوە دەكەن لەبەرپەرچدانەوەی فەیلەسوفاندا چوار بەرگی هەبووە جگە لەو پەیام و بنەكایانەی نوسیونی و چگە لەو كتێبانەی تریش لەبەرپرچدانەوەی مەنتیق دا لەوانە كتێبی (الرد علی منطق كتاب الاشارات لابن سینا) هەموو ئەو كتێبانە نەناسراون و دواتر بڵاو نەكراونەتەوە. لەبواری زانستی كەلامیشدا زۆرێك لە كتێبە گرنگەكانی دواتر بڵاوكراونەتەوە وەك كتێبی (نقض تأسیس التقدیس) كە باسمان كرد.

ئەوەی ڕۆشنبیری ئیبن تەیمیە جیادەكاتەوە ئەوەیە كە رۆشنبیریەكی قوڵی ئیسلامی بووە بە پلەی یەكەم، ئەوتیایدا بەتەواوی شوێن بەرنامەی ئەهلی سوننەو جەماعە كەوتووە، بەتایبەت رێبازی پێشەوا ئەحمەدی كوڕی حەنبەل و گەورە زانایانی حەنبەلی، ئەگەر چی ئەو ڕای لە هەرچوار مەزهەبەكە وەردەگرت و قسەی لە گەورە فەرموودە ناسانی وەك بوخاری و شافیعی و تەبەری و ئەبو شەیخی ئەسبەهانی

و لالەكائی و ئەبونەیّری سەجزی و ئیبن خوزەیمە و دارمی و ئیبن قوتەیبە و ئەبوبەكر ئەپرەم و خەلال و ئەبو عسمانی یّابونی و ئەبو ئیسماعیلی ئەنیّاری و بەیهەقی و ئیبن بەتتەو ئیبن حەزم و ئیبن جەوزی و ئەشعەری و باقەلانی و كەسانی تر وەردەگرت، بەلّكو ئیبن تەیمیە سودی لە هەموو بیریاران و تیّروانەران وەردەگرت كە جەختیان لە پالّپشتی مەزهەبی ئەهلی سوننە و جەماعە دەكرد، ئەو لە كتیّبی ( الرد علی المنطقیین)دا دان بەوەدادەنیّت كە بۆ بەرپەرچدانەوەی مەنتیق سوودی لە كتیّبی (الدقائق)ی باقەلانی –كە ئەشعەریە- و لەكتیّبی (ئیبن نەو بەختی شیعی دوانزە ئیمامی) وەرگرتووە.

لیّرەدا تیّبینی جیاوازی نیّوان ئەو و غەزالی دەكەین، ئەو قسە لەهەر یاریدەدەریّك وەردەگریّت كە بزانیّت تیایدا سەرخستنی مەزهەبی ئەهلی سوننە هەیە و بڕوای پیّی هەیە كە حەق بیّت، هەرچیش پیّچەوانەی ئەوە بوایە فڕیّی ئەدا و دانی بەوەدا دەنا كە هەموو دەستە و تاقمیّك یان هەموو زانایەك چاكەی هەیە، هەروەك ئەوە دەخاتە ڕوو كە چ پوچەلّیّ و ناڕاستیەكیشیان هەیە، ئەو لە باسی غەزالی دا- لەگەلّ ئەوەی هیّرشی دەكاتە سەر- بەسەر كتیّبی (فضائح الباطنیە) دا هەلّدەدات. لەگەلّ ئەوەی ئەو دان بەوەدا دەنیّت غەزالی راجیاوازە بەلاّم وەك پیّشتر باسمانكرد-ئەوە تۆمار دەكات كە غەزالی لەكۆتاییەكانی ژیانیدا وازی لە سەرقالّبوون بە

زانستە فەلسەفی و کەلامیەکان هێناوە و لای داوەتەوە بەلای سەرقاڵبوون بە زانستی فەرموودەوە. کۆتا شتیش کە پێوەی سەرقاڵ بوو لە صەحیحی بوخاری و موسلیم دا بوو تا مردن سەرقاڵی ئەوە بوو، لەگەڵ ئەوەی ئیبن تەیمیە هێرش دەکاتە سەر باقەلانی_بەتایبەت لەبارەی ڕاو بۆچونی لەمەڕ پێغەمبەرایەتی وموعجیزاتەوە، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کەئەو لەباشترینی ئەشعەریەکانەو تیایدا کەسی وانەبووە نەلەپێشترو نەلەدواتریدا .هەروەك لەباسی ئیبن وروشدا دەڵێت لەفەیلەسوفەکان زۆر باشترە بەوجۆرە ڕێبازی ئیبن تەیمیە ئەوەیە گەورەیی بەرامبەرەکانی تۆمار بکات لەگەڵ ئەوەی لەگەڵیاندا ڕاجیایەو ڕاجیابوونیشی لەگەڵ نەیارەکانیدا نابێتە ڕێگری ئەوەی سود لەڕستەی راست ورەوای ئەوانە وەربگرێت وڕاجیایی ئەو لەگەڵیاندا نەبێتە هۆی ئەوەی دان بەگەورەییاندا نەنێت یان بەڕادەیەك کەخۆی بڕوای پێی نیە لەگەڵیاندا بجەنگێت.

بەپێچەوانەی ئەوەی لەسلبیاتی غەزالی بەرامبەر هێرشی خاچپەرستان بۆ سەر موسڵمانان لەسەردەمەکەیدا بەدیدەکەین، ئیبن تەیمیە بەهەموو توانایەکی زانستی ودەروونی وتەنانەت جەستەیش لەڕووی تەتارەکاندا وەستا، ئەو لەدیمەشق لەگەڵ جێگیری سوڵتان ئەفرەمدا وەستاو موسڵمانانی هاندەدا تادژ بە تەتارەکان چەسپاو سەقامگیربن

لەکاتێکدا زۆربەی زانایان وگەورە پیاوانی دەوڵەت لەشارەکە ڕایاندەکرد، هەروەك سوڵتان غازانی تەتار لەبەر خراپی هەڵوێستی لەگەڵ موسڵمانانداکەوتە بەر تووڕەبوونی ئیبن تەیمیە لەڕوویدا لەگەڵ ئەوەی ئەو تووڕە بوونە مەترسی لەسەر ژیانی ئیبن تەیمیە هەبوو، کاتێك ئیبن تەیمیە بینی مەترسی تەتارەکان زیادیکردووە، لەسوریاوە چوو بۆ میسر وبەچەند دەربڕینێکی توند سوڵتان ناسرو پیاوانی سوڵتانی هاندا تا لەگەڵ تەتارەکاندا بجەنگن پاشان خۆیشی لەجەنگی (مەرج سەفەر)دا بەشداریکردو لەنێو سەربازاندا بەرێکەوت وهانیدەدان وجەختی لێدەکردنەوە کەئەوان شیاوی ئەوەن سەرکەوتنی خوا بەدیبهێنن تائەوکاتەی لەگوێڕایەڵی خوای گەورەدا دڵسۆزی بنوێنن، پاشان لەگەڵیاندا بەسەختی بەشداری جەنگی دژ بەتەتارەکانی کرد.